www.kurdistannet.org
7-3-2003 12:41

# سووتاندنی ژنێكی كورد به ده‌ستی ئه‌فسه‌رێكی عێراقی

په‌یامنێری كوردستان نێت

رۆژی ٢/٣/٢٠٠٣ دا له‌ كات ژمێری ٢:٢٠ دوای نیوه‌رۆ له‌ یه‌كه‌مین بازگه‌ی كه‌ركوك سلێمانی ژنێك به‌ناوی ( نه‌زیفه‌ نانیق) سۆتێندرا دوای دوو سه‌ردانی نه‌خۆشخانه‌ی فێركاری به‌ هۆی باره‌ خراپی نه‌خۆشه‌كه‌وه‌ نه‌مان توانی سه‌ردانی بكه‌ین.  به‌لاٌم ئه‌مرۆ له‌ كات ژمێری ١٠:٣٠ سه‌ردانی نه‌خۆشخانه‌م كرد داوای رێپیدانی ئاسایشی لیٚ كردم منیش ناچار رۆیشتم بۆ به‌رێوه‌به‌رایه‌تی ئاسایشی سلێكانی له‌گه‌ به‌رێز به‌رێوه‌به‌ری ئاسایش گڤت وگۆم كرد بۆ ئه‌و مه‌سه‌له‌یه‌ی سه‌ره‌وه‌ دواتر له‌لایه‌ن ئه‌فسه‌ری ئێشگگر وه‌رقه‌یه‌كی مۆر كراوم بۆ كرا . دواتر رۆیشتمه‌وه‌ بۆ نه‌خۆشخانه‌ی فێركاری چاوپێكه‌تنه‌كه‌م سازدا:

كه‌ئه‌مه‌ ده‌قه‌كه‌یه‌تی:

* به‌رێزئه‌م كاته‌ت باش هیوادارم به‌زووترین كات چاك بیته‌وه‌

– زۆر سوپاس به‌خێربێی

به‌رێز ئایا هۆی سۆتاندنی به‌ریزت چی بوو؟

– ئه‌وه‌ی راستی بیٚ من ته‌نگه‌ وده‌به‌یه‌ك نه‌وتم پیٚ بوو ئینزباتێك له‌ بازگه‌ی یه‌كه‌می كه‌ركوك _ سلێمانی به‌راوێژی ئه‌فسه‌ركه‌ی هات نه‌وته‌كه‌ی بۆ رژاندم دواتر ئینزباته‌كه‌ به‌ فه‌رمانی ئه‌فسه‌ری گه‌وره‌ی هه‌مان بازگه‌ هه‌تاوه‌ ته‌نه‌كه‌كه‌ی بۆ شكاندم به‌لاٌم ئه‌فسه‌ركه‌ دواتر خۆی هات به‌ ده‌نكیٚ شقارته‌ منی له‌ عه‌باكه‌مه‌وه‌ سۆتاندبیٚ ئه‌وه‌ی من هیچ قسه‌یه‌ك له‌ده‌می منه‌وه‌ ده‌ربچیٚ نه‌به‌ چاك وه‌نه‌ به‌ خراپ. .

* ئایا به‌ریزت ئه‌مه‌ یه‌كه‌م جارت بوو نه‌وت بهێنیت ؟

– نه‌خێر من خاوه‌نی هه‌شت منداڵم مێردێكی پیرم هه‌یه‌ جاران ئه‌و هاتوو چووی كه‌ركوكی ده‌ كرد به‌لاٌم دوو جار گیرا هه‌ر جار زیاتر له‌ جل رۆژ له‌ زیندان ده‌مایه‌وه‌ و ئه‌سپیٚ تێیدا، منیش وتم تۆ پیر بوویت با من بچم بۆ ئه‌وه‌ی بتوانیین گوزرانمان به‌رێوه‌ بچێت كه‌ خاوه‌نی حه‌وت كچ و یه‌ك كورم تازه‌ پێی گرتووه‌ وه‌ك ده‌زانن مه‌سرڤ كچیش زوره‌ پێویستی ده‌كرد یه‌كیمان كار بكه‌ین بۆ ئه‌وه‌ی به‌سه‌ر به‌رزی بژێین، من چه‌ند جارێكی تر چووم بۆ كه‌ركوك، به‌لاٌم ئه‌م جاره‌ ئه‌و ئه‌فسه‌ر كه‌ دیاره‌ فه‌رمانی گه‌وره‌كانی تری پێبووه‌ منی سۆتاند به‌رووتی مامه‌وه‌ كه‌س نه‌بوو هاوكاریم بكات ته‌نها یه‌ك پیاوێكی پیر چاكه‌ته‌كه‌ی خۆی خسته‌ سه‌رم بۆ ئه‌وه‌ی ئه‌و گره‌ی به‌ منه‌وه‌ هه‌بوو بكوژێته‌وه‌ دواتر داوام كرد له‌ ئه‌فسه‌ركه‌ بگرێمه‌وه‌ بۆ كه‌ركوك جل له‌ به‌ر بكه‌م عه‌یبه‌ من ئه‌وها برۆمه‌وه‌ وتی نابێت ده‌بێت بچیت بۆ چمچماڵ منیش چاره‌م نه‌بوو ژنێك به‌ناوی فاتمه‌وه‌ هاوكاری كردم و منی خسته‌ تاكسیه‌ك و به‌ره‌و چه‌مچه‌ماڵ به‌رێبكه‌وین ماوه‌یه‌كی كه‌م رۆیشتین به‌لاٌم داوتر تاكسیه‌ك هات به‌دوامان وه‌تی برۆنه‌وه‌ بۆ كه‌ركوك جل له‌ به‌ر بكه‌ دوای وه‌ره‌وه‌ من ئه‌فسه‌ری بازگه‌كه‌ منی ناردوه‌ بۆ لاتان منیش چووم بۆ كه‌ركوك هه‌ر جلم له‌ به‌ر كردو هاتمه‌وه‌ بۆ چمچماڵ له‌ ئه‌ویٚ ته‌داویان كردم و به‌ئیسعاف منیان هیان بۆ سلێمانی

* باشه‌ لێره‌ چاودێریت چونه‌ ؟

– به‌ داخه‌وه‌ باش نی یه‌ مواجه‌هه‌م كه‌مه‌ و ته‌داوی كه‌ پێویست بۆ من ناكرێت رۆژی عوتڵه‌ و هه‌ینی كه‌ ئه‌مرۆیه‌ هیچ ته‌داویه‌ك ناكرێم

www.kurdistannet.org
7-3-2003 12:41

* دوا قسەی جەنابتان چییە بۆ خەڵکێ هاتوو چووی رژێم دەکەن ؟

– من دەڵێم من ژنێکی زەعیفەم ئەمە دیمەنەکەم داواکارم لە خۆای گەورە بە زووترین کات ئەو رژێمە نەمێنێت کوردیش بحەسێتەوە. . ئیتر سوپاس

منیش بە چاك زانی لەگەڵ سەرپەشتیلری ئەم بەشە قسە بکەم

* بەرێز گەلیتان لێدەکەن کە کەمتەرخەم بەرامبەر نەخۆشەکانی بەشەکەتان ؟

– وتی ئێمە رۆژ سێ جار زیاتر بەسەریان دەکەینەوە. دکتور ئاری رحیم خۆی ئخصائی ئەم باشەیە دووجار تا سێ جار سەردنیان دەکات بە بردەوامی دوکتور مقیم هەیە خەفرە لێرە رۆژ نا رۆژێك تەداویان هەیە

* سەبارەت بە حاڵی نەخۆش ( نەزیفە نامیق) وەتی ؟

– ئەو نەخوشە نسبەتی سۆتاندنەکەی ٣٥٪ حاڵی باشر بوو لە چەند رۆژێك لە مەو پێش

ئیتر سوباس

پەیامنێری کوردستان نێت

رۆژنامە نووس

سابیری محمود داماو

٢٠٠٣/٣/٦

www.kurdistannet.org
کوردستان نێت